خـۆدوانـدن

من هاوڕێم گەلێ زۆرن.

هەندێکیان ماون و هەندێکیان مردوون

هەندێ ساغ و هەندێکیان نەخۆش

هەیانە مرۆڤ دۆست و هەیانە کینە لە دڵا

لە ژمارە نایەن هاوڕێیانی من

لە ژمارە نایەن دوژمنانی من

لە کوڕان و کچان .. ژنان و پیاوان

لە پیر و جحێڵا

ناوی هەندێکیان دەزانم و هەندێکیان نا

دە نێو فڕندە و ئاژەڵان ـیش

دە نێو سروشتی زیندوو بە عیشقی من

دە ئەوەندە پتر هاوڕێم هەن

کە دەچمە دارستانەکەی ئەوبەر

هەندێ درەختی سەرکەش دەناسمەوە

شنەشن بۆ من دەخەننەوە

هەندی جۆگەلەی راکردوو بەپێی پەتی

کە لە پێشوازیمدا، لەبەر خۆرەتاو ، خۆ هەڵدەخەن و ..

دەبریسکێنەوە

هەندێ پاساری، ئەوەندە میهرەبانن، هەڵدەفڕن

تا منی یاغنیش و پیر بە دەردی دوونی دونیا

سەرقاڵا بە ژماردنی کۆچ و مردنی.. هاوڕێکانم

خۆم بیرچێتەوە و سەرهەڵبڕم و بۆ جارێکی تر..

تا نەمردووم شینایی ئاسمان ببینم

بیریان دەکەم: هاوڕێکان

لەوپەڕی سەرقاڵیم .. ساڵی جارێك سەریان دەدەم

دەچمەوە نێو چیاکان ..

نێو ئەو ئەشکەوتانەی تاریك و شێدارن وەك رەحمی دایکم

بۆنیان دەکەم ئەو پەلکە گیایانەی شەرمن و کزۆڵە

دوور لە خۆرەتاو لە سەرمانا هەڵدەلەرزن

ئەو کەپکە شاخانەش دەناسمەوە کە لەوێوە

رووەو قووڵایی خەرەندەکان دەمڕوانی

ئەو تاڤگەیەش: کە من دەچم ئەو بە خوڕتر دادەکا

سەر بە تاشە بەردێکدا دەکێشێ و دەتریقێتەوە

بە خەونی سەردەمی منالیم پێدەکەنێ و بیرم دێنێتەوە

ئەو وەختەی دەمخواست بیکەم بە پشتێن و ..

لە کەمەری خۆمەوەی بئاڵێنم..!

ئەو چیمەنانەش دەمناسنەوە و خۆشیان دەوێم

ئەو وەختەی دەبنە رایەخی بەرپێیانم ..

پێمدەڵێن: سەر داگرە و لە ئێمەوە فێربە:

کە چۆنە سادەیی و بێفیزی

دره‌خته‌كان به گوێمدا ده‌چرپێنن:

له ئێمه‌وه فێربه چلۆنه میهر و پاكی

سه‌یری هێلانه و جریوه‌ی مه‌لان بكه ده نێو باوه‌شماندا..

سه‌یری سێبه‌ری رژاوی ئێمه بكه له‌سه‌ر زه‌وی ..

رووبار ده‌ڵێ: ده تۆ ئاوڕێك له‌و ئاوه‌دانییه به‌ره‌وه

كه له‌سه‌ر هه‌ردوو كه‌اره‌كانم جێیان دێڵم ...

كرمی ئاوریشمین به فسكه‌وه ده‌ڵێ:

من ده‌مرم تا دونیا پڕبكه‌م له (حه‌ریر)

تووله‌رێی كوێره‌وه‌بوو ده‌فه‌رموێ:

بۆچیته ئومێد كه خه‌ونی سه‌فه‌ر هه‌بێ و نه‌گه‌ی

به هیچ كه‌س و به هیچ شوێنێك

(با) پێم ده‌ڵێ: سیحراوی و ئه‌فسوونكاربه وه‌ك من ..

كه دێم هه‌موو شتێك ده‌جووڵێ و كه‌چی خۆم ....

دیار نیم

سه‌یری منی ئاسمان كه .. چۆن به‌سه‌ر دونیادا ده‌گریم و ..

له‌ولاوه سه‌وزایی ده‌چێنم ..

له منی چیا هه‌ر هیچ فێر نه‌بیت ..

ئه‌وه فێربه كه داده‌ڕمێی .. نه‌كه‌ویت ..

له منی دره‌خت فێربه..

چه‌نده جوانه (به پێوه‌مردن)

ته‌رزه به باران ده‌ڵێ: ده تۆ سه‌یرێ .. چه‌نده جوانه خۆكوشتن ..!

چەندە جوانە خۆ تواندنەوە .. لە ناو ئەویتر ..

منی بەفریش بۆیە دێم ..

تا داپپۆشم عەیبەکانی خاك .... رەشی دونیا

برینەکانی درەخت و گەڕبوونی چیا

دەچمەوە گەڕەکە کۆنەکەی خۆمان

دەورم دەدەن:پشیلەی گەڕو سەگەبەرەڵلاو..کەرە پشت زامدارەکان

پێم دەڵێن: تۆ نەگۆڕاویت ..

هەنووکەش رێزێکی گەورە لە ئێمە دەگریت

چ سەیرە کە من لە نێو کەس و کار و دۆست و هاوڕێیان

لێکدی دەتۆرێین: زۆر جاران

وەلێ قەت نەبووە .. تا هەنووکەش ..بۆ تاقە جارێك

من لە درەختێك ، لە مەلێك ، رووبارێك .. چڵەگیایەك

یان لە ئەشکەوتێکی هاوڕێم بتۆرێم

لە ژمارە نایەن دۆستانی من

لە ژمارە نایەن ناحەزانی من

بۆ دۆستان چیم هەبێ: جگە لە خۆشەویستی؟

بۆ دوژمنانیش:

(ئەی خودا بیانبەخشە .. ئەو ڕقە هیچ نییە .. جگە لە نەفامی !)

نەورۆزی 1999